## به ناوی خوا

## پێشکەش بە زانای پایە بەرز ئوستاد دوکتور محەمەد صالح ئیبراهیمی(شەپول).

سلاوت لێ بێ زانای زوڕزان    ئاودێر مێشک ودل بۆچینی نەزان
له قوولایی دڵ قسە بێتە دەر    لەتۆتۆی دڵدا ئەو ئەگرێ لەنگەر
یەکدانە مدیر چوار فەرمان بەر    بەیاری پێنوس نوسرایە دەفتەر
له کاتی پیری هەستم چروێ کرد    دەستیشم له گەڵ قەڵەم گروێ گرد
سەرچاوەی هەستیم له مێشک و دڵ بۆ    خەزنەی خەیاڵم دایم له کوڵ بو
بۆ دیتنی گەورەم ماموستا شەپۆل    مێشک و دڵ پێکەو ئەیان دا شەپۆل
هێنایانەو بیرکەتۆیی شابازی    بەوجود تۆوه دەکەم شانازی
هەم کاک محمد گەورەو سەروەرم    ئیبراهیمی ناو ئەدەب پە روەرم
وتەت هەمو وەک نۆشدارو بۆ    هەتوان زام جەرگ ژوروخوارو بو
مەڵهەمیان دایە بەند جەرگی ڕێشم    سارێش بۆ زا مان دڵەی پڕ ئێشم
مۆبەت‌تان لاواز گرد لەبۆ دەرۆنم    لای برد پەردوی زوخ زا مانی کۆنم
وتەی شیرین‌تان بون بەری نۆین    وەک هەنگێک قاچی گیرکات له هەنگوین
بەو هۆیەو ئەوشەو مامەوٚ له لاتان    خودای بێ خودا پشت و پەناتان
ئیتر بە دوعا بژین بمێنن    زاناکان له دەور یەکتر بخوێنن
ئێوەن بۆ نەزان رچاو دەشکێنن    داری رق وقین له بن دەردێنن
تۆی کەسایەتی له ولات ئەچێنن    ریشەی نەزانین له بێخ دەربێنن
مەینەتی هیچێک نایەت له دەستی    بەل ئێوە سەوزکەن نەمام سەربەستی
ئەرشیعرم شیاو مەقامتان نەبۆ    وتەم هاو وەزنی کەلامتان نەبۆ
دەبێ بمبەخشن گەدای زانینم    دڵ پڕ له داخم لەش بە برینم
بەهۆی نەزانین حاڵم ناکۆکە    سەوقاتی شوان هەر هاڵەکۆکە

محمدحسن رضائی (مەینەتی) - ١٣٧٣/١/٢٢ شارسنه.